# من پیاوێکم بیٚ حەریم

هۆشەنگ شێخ محەمەد

2007/3/13

من پڕم لە تۆ و ڕێحانەکانی مەمکت
پڕم لە چاوانت و سۆزەکانی پەرچەمت
خەیاڵ مەکە من دژی ئاراستەیەکی برژانگێکیشت بم

من پیاوێکم بیٚ حەریم
من پیاوێکم پڕم لە تۆ .. لە سۆزی تۆ
لە خەیاڵ و ئەدەب و زمانی تۆ

تۆ ئەی لاولاوە .. ئەی ئەزموونی جوانی و شەهوەت و ڕژان
تۆ ئەی لیمۆ .. ئەی زمانی تام و بۆن و ڕەنگ
تۆ ئەی هەنار .. ئەی ئارەقەی مێو و هەناسەی هەلاٚڵ
من پڕم پڕ لە تۆ .. تۆ بۆ تێناگەی خۆت نەکەیتە دیلی من و لە دیلیەتیدا ئازار و لەزەت بچێژی
من پڕم لە تۆ و ئەزانم تۆ هەمیشە پڕی لە ڕق تا هەستی بەزەییت بدەمیٚ
تۆ پڕیت لە تووڕەیی تا خۆشەویستی پێکەنینت بدەمیٚ
وەرە خۆت خاڵی کەوە لەو عەقڵانیەتە بێهودەیە و جگەرەیەك لەگەڵ من هەڵکە
وەرە با بێباك لە ژنایەتی و پیاوەتی
بێئەقلاٚنە خۆمان بدەینە دەست زمانی یەکدی
ئەو زمانەی ئەوەندەی ئەلێستەوە قسە ناکات
ئەو زمانەی ئەوەندەی ئەگەزێت ئەوەندە ناپاڕێتەوە
وەرە بە زمانی ماچ یەکدی حاڵی کەین لەدەردی دڵ و جەستە
وەرە ڕوحم باکی بەوە نیە تۆ چەند دووریت و لە کوێی فەلسەفەوە تەماشەی وێرانەکان ئەکەیت
بە زەرەبینی چ ماتماتیکێکەوە جوانییەکان ئەبینی
وەرە چاوانت لە ناو لەپەکانی پیاوەتی مندا بکەوە تا من لە ژنایەتی تۆو و خۆمدا ختم بم
وەرە ئەی عەزیز وەرە واز لەوە بێنە بە ئەقڵ من و خۆت هەڵسەنگێنیٚ
وەرە جەستە ئەتوانیٚ ڕوحمان ئاوێتەی یەك کات نەوەك زمان
وەرە جەستە جوانترمان ئەکات نەوەك خەیالاٚت

**وەرە لەگەڵ مندا بە زمانێك بنووسە كە تا ڕەنگی گوڵ**

**ڕووسوورمان كات**

**بە فانتازیایەك ئاوێتە بە**

**تا هەناسەی شەو لە تاریكیدا فەنامان كات**